# وڵامێک بۆ بەڕێزان خالید سیادت و بەهمەن علییار
## ڕەزا موستەفاسوڵتانی

بەڕیزان نوسراوەکانتان لە سەر ڕاگەیاندنی ئیمە کە بە ئیمزای زیاتر لە ١٠٠ کەس لە کادر و ئەندام و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەسەر شەڕ و تێکهەڵچونی ئەم ئاخرانەیی نێو ئوردوگای حیزبەکەتان لە کوردستان لە سەر ئینترنت، خوێندرایەوە. لە ناوەروکدا ئیوەش هەر قسەکانی «هێوا . م» دەکەن. من وڵامی کەسێک کە ناوێرێت بەرپرسایەتی بیروڕای خۆی بە ئاشکرا بە ئەستۆی خۆی بەگرێت نادەمەوە، ڕۆم لە ئیوە و سیاسەت داڕێژەرانی حیزبەکەتانە. بە هیوای ئەوە کە گۆڕینەوەی بیروڕا بە ئاشکرا و لە بەرچاوی هەمووان لە روون کردنەوەی کۆمەڵێک پرسیار یاریدەدەربێت. چاوەدێری، رخنەگرتنی ئاشکرا و هەڵسەنگاندنی هەموو ڕوداوەیەکی ناو کۆمەڵگا لە وانە شەڕ لە ناو پلنۆمی حیزبی ئیوەدا مافی بێ ئەملاوئەولای هەموو شارومەندێکە و کەس پێویستی بە ورگرتنی ئیجازە لە ئیوە و بە دەستهێنانی "مشروعیەت و سڵاحیەت" نیە. هەرکەس لە حاست خۆی بۆی هەیە قەزاوەت بکات و پێویستی بە کارتی ئەندامەتی ئەم یان ئەو حیزب نییە. مەگەر وانیە بە ئێوەش؟

بە بڕوای من سەرچاوە و ریشەی ئەسڵی هەموو ئەم بوحران و لێکدابڕانانە کە بە سەر هەموو حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە گشتی و هەموو بەشەکانی کۆمەڵەدا بەتایبەتی زاڵ بووە، لە بنبەستی فیکری و ئیدەئۆلۆژی دایە کە ڕنگەدانەوی تەشکیلاتیش بە خۆیەوە دەگرێت.

هەموو بەشەکانی کۆمەڵە بە ڕیکخراوی کوردستانی حیزبی کمونیستی ئیران(کۆمەڵە)یشەوە وەک ئەوە وایە لە جەنگەڵێکی زۆر گەوْرە و چڕوپڕدا گیریان کردووە هەر کام بە جۆرێک تێدەکۆشن لەو جەنگەڵە بێنە دەرێ. بۆ هاتنە دەرەوە لە جەنگەل دوو شت زۆر گرینگە یەکەم قوتبنمایە( ئیدەئولوژی) و دووهەم نەقشەی جنگەلەکەیە (پێرەو و پرۆگرامی سیاسی).

حیزبی ئیوە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، بە هەموو بەشەکانیەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بەشێوەیەکی تەوتەئەگرانە و ناسالم لە کۆمەڵە (س.ک.حکا) جیابۆنەوە و زەربەیەکیترتان دا لە ڕەوتی کۆمەڵە، و بە دەستەوەگرتنی کۆمەڵە لە لایەن بەڕیز عبدوڵای موهتەدیەوە کە دوای ساڵەها دوری لە کۆمەڵە بەبۆنەی بەڕیوەبردنی ئەرکە پێ سپێردراوەکان لە لایەن منسور حکمەتەوە وەک(پلینۆمی ١٦ و هاتنەوە بۆ کوردستان بۆ ڕازی کردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە کە بێنە سەر خەتی مەنسور حکمەت) لە خۆی دا بوو بوو بە هەدەف.

ئەم حیزبەی ئیوە لەو جەنگەڵەدا لە حێوەتی دوانەکەوتەن لە ڕەوتی ئیسڵاح تەڵەبان بە ڕێبەری خاتەمی (سەروک کۆماری ئەوکاتەی ئیران) هەر زۆر بە پەلە قوتبنماکەی فەڕەدا و بۆ گەیشتنی حیزبەکە و بەڕێز موهتەدی بە دەسەڵات ڕو لە هەموو شوێنێک دەکرا و دەکرێت و ڕو لە هەموو کەس و ناکەسێک دەخرا و دەخرێت. چاوێک بەخشێنەن بە گۆزارشی کاک عبدۆڵا بۆ کنگرەی ١٠ یان ١١ خۆتان لە ٤٩ لاپەڕە ٣٠ لاپەرەی هەر باسی دەسکەوتەکانی ئیسڵاحتەڵبانە لە ئیران.

بەڕیزان، ئیوە و حیزبەکەتان تەنیا لە ڕواڵەت و دروشمی سەر کاغەز لە گەل حکمەتیستەکان فەرقتان هەیە دەنا لە ناوەرۆک و کردەوەدا ئێوە لە هەمو کەس حکمەتیستترن. ئەو خۆرمایەی ئیستا ئیوە دەیخۆن ئەوان ساڵەهای ساڵە بە ناوکەکەی کایە دەکەن. ئەوان لە سەر کاغەز شتێکیان دەنوسی لە کردەوەدە شتێکیتریان دەکرد، ئیوەش هەر وا دەکەن. هاواری بەرەی کوردستانی دەکەن بەڵام خۆتان لە ماوەی ٨ ساڵدا تا ئیستا بوون بە سێ بەش. پەنا بۆ کوڕی شا و شووینیستی ئیرانی دەبەن ئەوان زوتر کردیان. ئەوان حیزبی تەک بۆنییان دەویست ئیوەش تازە لە نەرمەلیقە بوون خەریکە خوتان ڕزگار کەن و هەموو دەسەلات و ئیمکاناتان خستوتە بەر دەست بەڕیز عەبدۆڵای موهتەدی، کە بەرپرسی یەکەمی هەموو شکستەکانی کۆمەڵەیە دوای پێک هێنانی حیزبی کمونیستی ئیران.

ئەوان بۆ هەر بنبەستێکی تئوری و سیاسی ڕەهبەر دوژمنی ناوەکیان دەتاشی ئیوش هەر وا دەکەن. زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئیوە ئەندامی فراکسیۆنی مەنسور حکمەت (باوڕپێکراوەکان) بون و هەر ئەوان کەسانی زۆر بە ناو بانگ و خۆشەویستی کۆمەڵە و بەشێکی زۆر لە خەڵکی کۆردستانیان وەک بەڕێز کاک عبدۆڵای بابان و دەیان کەسیتریان بە هۆی دیفاع لە کورد و کۆمەڵە لە تەشکیلات وەدەرنا. ئەم برادەرانە بەرپرسەن لە بەرانبەر ئەوانەدا دەبی ولامدەربن. تەواو بۆ ئەو دەورانە کە بە هۆی سیاسەتی غەلەتی چەند کەس نزیک بە ٨٠ پێشمەرگەی قارەمانی گوردانی شوان تەفروتونا بوو بەلام بە کەس نەکوترا بان چاوت برویە. ئیوە بوون بە ڕێخۆشکەری هاتنەوەی چریکی ئەکسەرێت کە خۆازیاری تەیار کردنی سپای پاسداران بە چەکی قورس بوون بۆ سەرکوتی جولانەوەی ڕزگارخۆازانەی کوردستان.

بەپەلە و شارد‌راوە لە خەڵک لە گەڵ قۆڵە پاسداری ئیتلاعاتی ج.ا کەوتنە وتوویژ کە سالیانی ساڵ کۆمەڵە حیزبی دیمکراتی کوردستانی ئیرانی لە سەر ئەوە سەرزەنش دەکرد. کۆمەڵە بە ڕیکخستن و پشت بەستن بە خەباتی کۆمەلانی خەڵک لە سنە و مەریوان توانی کەسایەتی پلە بەرزەی ج.ا. وەک بەهشتی، تالەقانی، بەنیسەدر، ڕەفسنجانی، چمران و دەستغێبی لە کوردستان لە ژێر چاوەدێری گشت کۆمەلانی خەڵکدا بهێنێتە پای میزی وتوویژ.

بەشێ زۆری ئیوە پلانی هێرشی نیزامی و ڕەشەکوژیتان بۆ کۆمەڵە (س.ک.حکا) دارشت. ئیدی با باسی هاتنی هیزی ئاسایش بۆ ناوبەژی و دابەش کردنی ئاو لە ئوردوگاکەتان، دەرکردنی ژن و منداڵی بێ سەر پەنا و بێ درەتان و نوسین لە سەر دیوی خەوی خەڵک و دانانی لە سەر سایتی سەر بە حیزبی خوتان و زۆر شتی تر نەکەم.

کۆمەڵە (س.ک.حکا) بە پێچەوانەی ئیوە زۆر بە توندی بە قوتبنمایەکی سالەکانی سەدەی نوزدەی زاینییەوە نووساوە و لە حەیبەت ئەوەدا وەک ئیوە قوتبنماکەی لێ نەکەوێت نەقشەکەی لە کردەوەدا فرێداوە و دەلێت دەبێت هەر چاومان لەو جێگایە ببرین کە قوتبنماکە پێمان نیشان داەدا و قەیدی ناکات بەر پێ خۆمان نابینین با بگەین بە سەر مەنزلی مەقسود لە وی هەموو کەس بە کریکار و کورد و ژنەوە بە ئازادی و سوسیالیزم دەگەن هەموو و شتێک تەواو دەبێت.

پێداگری زۆرتر بە مەبەستی بێگەردی ئیدئولۆژیک و دووری گرتن لە سازان، ریککەوتن و دیالۆگ لە نێوان ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە زۆربەی کاتدا، ڕیبەرەکان بەرە و ریگایەکی بەستراوی سیاسی دەبات و نەبونی ئیمکانی هاوکاری لە گەل حیزبە برادەرەکان و پیکهێنانی بەرەی هاوخەبات و یەکگرتو، بە قەتیسی دەمێنێتەوە و لەباری سیاسیەوە قەد ریگای دەرباز بوونیان نیە.

سانترالیزمی دیموکراتیک و سەربەخۆ نەبونی ئەندامان و کادیرەکان بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوونی خۆیان یەکێک لەو گیروگرفتانەیە. ژمارەیەکی زۆر لە ڕیبەرانی ریکخراوەکان ئوتوریتەی قووڵ و خۆشەویستی بەر بلاویان لە نیوان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبدا نیە. ئەمانە لە گەڵ هاوولاتیانی هەڵسوراو و بە توانای ئەمرۆکە خوازیاری کەشوهەوای کراوە لە حیزب و کۆمەلگان و خوازیاری چونەسەرەوەی ئاستی کارتێکردن و تێگلان ودەخالەتکردنی خۆیان لە حیزب و کۆمەلگان هاو ڕەوت نین و ناگونجێن.

بوونی ریکخراوە و ئورگان گەلیک لە سەر بناغەی دیموکراتیک تر(کەمتر لە ناوەندی حیزبەوە ڕیبەری دەکرین) و پیکهینانی بارودۆخێک کە ئینسانەکان لەم ڕێکخراونە هەست بکەن کە لە بریار و هەڵسورانی حیزب دەوریان هەیە و بەشدارن و دەرفەت و ئیمکانی کارتێکردنیان لە ناوحیزبدا زۆرتر و زۆرتر بێت، زۆر گرینگە.

لە حیزبەکانی ئیستا ژمارەی لایەنگران و ئەندامانی پاک و بێگەردی حیزب ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبنەوە و لە هەمان کاتدا گەنجانی لێهاتوو و تیکۆشەر وەر ناگیرین. قەیران لەم حیزبانە بۆ سیاسەت و ڕێبەری نەگۆڕ و هەتاهەتایی، حیزبەکان دەگەڕێتەوە.

لەم سەر دەمەدا گرێنگتر لەوی کە کام دروشم و ئیسم لە پرۆگرامی حیزبێکدا هەیە ئەویە کە ئەو حیزبە چەندە کاری بە ئاشکرا دەکات و بەو شێویە نەک هەر بە ئەندامان و لایەنگران بەڵکو بە کۆمەلانی خەڵکیش مەودا

دەدات کە دایم بە چاوێکی رەخنەگرانەوە هەڵسوکەوتی حیزبەکەیان لە ژێر چاوەدێریدا بێت. ئەمەیە میکانیزم و زەمانەتی بەرگری لە گەندەڵی سیاسی و ماڵی لە حیزبەکاندا. ئێوە و هەموو ئەحزابی کلاسیک کەموو و زۆر بۆ هەر شتێک دوو سیاسەتتان هەیە سیاستی ئەسلی کە عەمەلی پێدەکرێت سیاسەتی ناوخۆیی و لە باشترین حاڵەتدا تەنیا چەند کەسێک دەنا هەر نەفەر ئەوەڵی حیزبەکە دادەڕێژێ و بە پەسەندکردنی ئەندامانیشی دەگەیەنێت. سیاسەتەکەی دیکەیش وەشەگەلێکی جوان و رازاوەو بەستە زمانن ڕوبە دەرەوە کە دەتانەوی بە یارمەتی ئەو وشەگەلە کردەوەی حیزبەکەتانی پێ داشارن.
دۆستان، ئەگەر تۆکڵی قسەکانتان لابرێت ئێوە لە ئیمە داوا دەکەن کە خراپکاریکانتان بۆ داشارین و بە جێگای باسکردن لەوانە باسی حکمەتیستان بکەین. پێوەری خەڵک بۆ هەڵسەنگاندنی ئێوە و حکمەتیستەکان و هەر حیزب و ریکخراوەیەکی‌تریش و تەنانەت تاکە کەسیش کردەوی خودی حیزب و تاکەکەسەکانە. قسە گۆڕین و شاردنەوە هیچ قازانجێکی نیە تەنیا ڕیگا و مەوْدای سیاسەت و کردەوی ناشایێست هەموار دەکات. فەرز بفەرموون ئێمە هەر چەند" سەرمان بە جێگایەکی گومان لێ کراو بەندە" لەبەر دەڵی ئێوە هیچ ڕاگەیاندنێک دەرنەکەین ئایا پێتان وایە کە خەڵکتان لێ تێ ناگا و ئێوە بە هۆی ئارەقی ناوچاوانی هەزاران ژن و پیاو، خوێنی سەدان شەهید، کەم ئەندام بوونی سەدان کەس دەتوانن هەر لە "ناندانەکەتان" پارێزگاری بکەن؟ بە بڕوای من بەشی گرینگتر لە پۆل و پارە سوئیستفادە لە زەحمەت و کەرامەت و شەخسیەتی هەموو ئەو کەسانەیە کە لە گەل ئێوە بە نرخێکی یەکجار زۆر لە باری مادی و مەعنەویەوە خانوی کۆمەڵەیان دروست کرد و پیوەی ماندوو بوون، بەڵام ئیستا ئێوە بەم کردەوانەتان هەرزان فروشی دەکەن.
بە ئیعتباری تەنیا خۆتان هەرچی دەکەن بیکەن. بەڵام بڵاوکردنەوی عەکس و فیلم لە پێشمەرگە و شەهیدانی کۆمەڵە لە گەل کردەوەی ئێوە یەک ناگرێتەوە. لە " من آنم کە رستم بود پهلوان" دەست هەڵگرن. بۆچی لە پەنای گۆیتان هێرش دەکریتە سەر شەهیدی خۆشەویستی کۆمەڵە و گەلی کورد بەڵام لەم پەڕ تا ئەو پەڕی کۆمەڵەکان تاقە یەک کەس متەقی لێ نایێت؟ ئەمە" ناندانی" نیە ئەی چییە؟ یان لە وانەیە ئەو هێرشەتان پێ باش بوویێت.
پرسیارتان کردە بوو کە پروژەتان چیە، دەبی بڵیم پروژەی من و کۆمەڵێ تریش لە خەڵک ئەوەیە کە حیزبێکی چەپ و سوسیالیست کە بۆ ڕزگاری خۆی لە گێژاوەی فیکری و هاتنە دەر لەو جەنگەلە خۆی بە قوتبنما و ناڤیگاتوری سەردەم و نەقشەی تازە تەیار بکات پێک بێت. و بە کەڵک وەرگرتنی هاوکات لە قوتبنما و نەقشە پلان و سیاسەتی ڕۆشن و شەفافی هەیە و دەتۆانێت لە ناو ئەم هەموو بۆحرانەدا ساز بێت و سەرهەڵبێنێ و لە گەڵ هەموو کۆمەڵەکان فەرق و جیاوازی بەرچاوی دەبێت.
ئەو ڕیکخراویە کارە بەنرخەکانی کۆمەڵە لە رابردوودا ڕێز لێ دەنێت و تێدەکوشێت بیان پارێزێت و پەرەیان پێ بدات و بە سەهمی خۆی لە کارە خراپەکانی کۆمەڵە بە ئاشکرا دووری دەکات.
لێرەدا نامەوەی لە سەر بەشی فیکری و ئیدەئولوژیک زۆر قوڵ ببمەوە. ئەگەر پیتان خۆش بێت بە کورتی لە بیرورا و جەهەتی فیکری من و کۆمەڵی خەڵکیتر لەو بابەتەو ئاگادار بن دەتۆانن چاو لە نوسراوەیەک بە ناوی "پلاتفورمی سیاسی و ئیدەئولۆژیکی چەپ لە کوردستان" لە سەر سایتی هەڵویست بکەن. (www.Helwist.com)
ڕیکخراوی دڵخوازی من و کۆمەڵێک خەڵکیتر (مەبەستم هەموو ئەو کەسانە نیە کە ڕاگەیاندنەکەیان ئیمزا کردوە) بە جێگای دژایەتی و رەقابەتی ناسالم لە گەل حیزبەکانی‌تر لە هەر چوار پارچەی کۆردستان و بە جێگای گوتار و نوسین لە سەر ئەوان بە زمان و ئەدەبیاتی دوژمنی فاشیست و داگیرکەری کۆردستان رێگای ئیحترامی دوولایەنە و دیالۆگ و بە رەسمییەت ناسینی یەکتر و دۆزینەوی خالە هاوبەشەکان وەک چوونەدەری ئەرتەشی داگیرکەران لە هەموو کوردستان، بەرسمی ناسینی مافی سەربەخۆیی و پیکهێنانی دەوڵەت، پارلمان و ئەرتشی کوردستان و تێکۆشان بۆ پەسەندکردنی ئەم سەربەخۆییە لە قانونی ئەساسی وڵاتانی هاوسێی کۆردستان بە ئەرکی سەرەکی خۆی دادەنێت. تێدەکوشێت هەموو هیزەکان بۆ راکێشانی پشتیبانی لە کورد لە

دیپلوماسی نیودوڵەتیدا وەگەڕ خات. زۆر بە کورتی دیمکراسی وەک جیهانبینیەک کە لە سەر یەک ئینسان یەک دەنگ ڕاوستاوە، چاو لی دەکات نەوەک پردەبازێکی کاتی. بەو مەعنایە بۆ بە گەیشتن بە سوسیالیسمی دیمکراتیک تیدەکۆشێت. ئنترناسیونالیستە، پلورالیسمی سیاسی و سازان و دانوستان لە پارلەماندا وەک دەسکەوتی بەشر کە بە پێی هیزی خەلک دەتوانرێت بگۆردرێت چاو لێ دەکات، فیمینیستە و ژینگە پارێزە و ... مەیل، وخواست و رازی بوونی هاولاتیان ئامیری گۆرانی کۆمەلگایە. ئەم بۆچونە کاری جەماوەری بە پێ میزانی ئامادەگی کۆمەڵانی خەڵک بە کەمترین خەسارەتی ماڵی و گیانییەوە بە جیگای بە دەستوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن حیزبەکەوە بە نوێنەرایەتی خەڵک لە ڕیگای "شورشەوە" بە کەڵک وەرگرتن لە خشونەت، هەدەبژێرێت. پارێزگاری لە کوردستان سەربەخۆ کاری ئەرتەشی کوردستانە نەک هی دەیان حیزبی گەورەو و چکۆلەی چەکدار. چون باوڕی بەو قسەیە هەیە کە ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە هێزی بەرێنی هەموو خەڵک دەکرێت نەک تەنیا بە عەزم و ئیرادەی کۆمەڵێک ئینسانی فیداکار و لە خۆبردوو و قارەمان، هەر چەند دەورو و نەقشی ئەو قارەمانانە جیگای تایبەتی خۆی هەیە و زۆر جیگای شانازی و پێ زانینە.

٢٠٠٨ ـ ٠٥ ـ ٠٦